# دادگایەکی کارتۆنی دادپرسێکی لاحەولەوەلا!*

سەرکەش / ئوپسال/ سوید

دەنگۆی بڕیارە قەرەقوشیانەکەی دادگای هەولێر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت
هەموو کەسێکی ئازادیخواز، دێموکرات، لایەنگری مافی مرۆڤی تاساند.
چونکە دادگایی کردنەکە لەودیوی دەرگا داخراوکان، لەپشت پەردە، دوورلە
چاوی کامێرا وئامادەبوونی مێدیا وکالەکانی بەڕێوە چوو بوو.
کەس وێنەیەکی پرۆسێسی بەڕێوەبردنی دادگاییکردنەکەی نەبینی. دادگا ئازاد
نەبوو دادپرس کەسێکی دیل و بەندەواری فرمانی حزب و دەسەلات بوو.
دادگای هەولێر، خەلکی ئازادیخوازی هەولێر بەتایبەتی و خەلکی
کوردستان و دەرەوە سوور سوور دەیانزانی

*د. کەمال یەکێک نەبووە لەسەرانی ڕژێمی گۆڕکراوی بەعس، یەکێک
*نەبووە لە هاوکارە نزیکەکانی دیکتاتۆر.
*بەعسییەکی تاوانباری خاین و خوێڕی وەک وەفیق ئەلسامەڕرایی،
ئەلخەزرەجی نەبووە.
*کۆنە موستەشاری فەوجە خەفیفەکان، کۆنە ئەمین عامێکی ئەمانەتە
کارتۆنییەکان نەبووە.
*کەسێکی فایلدار، سیخوڕ، یا پۆلیسی نهێنی فایل ئاشکرا بوو نەبووە.
*دز و جەردەو ڕێگر ومێگری کۆن یا نوێ نەبووە.
*کەسێکی نەکوشتووە، ئەشکەنجەی گیانی وجەستەیی هیچ کەسێکی نەکردووە.
*لەپاشاگەردانی و گەندەلی سیاسی، بەڕێوەبەرایەتی، کۆمەلایەتی، مرۆیی
دوای ڕاپەڕیین دەستێکی نەبووە.

**بەندی 10****

**هەموو مرۆڤێک، بەتەواوی یەکسانە لەگەل ئەوانی دیکەدا، بۆ جوێ کردنەوەی ماف وئەرکەکانی وهەر جۆرە تاوانێک کە وە ئەستۆی دەخرێ، مافی ئەوەی هەیە کەکێشەکەی بەشێوەیەکی ڕەواو ئاشکرا لەلایەن دادگایەکی سەربەخۆو بێلایەنەوە ببینرێ.**

**بەندی 28**

**هەمووکەسێک شایستەی سیستێمێکی کۆمەلایەتی و نێو نەتەوەییە کەلەسایەیدا هەموو ماف و ئازادییەکانی کەلەم بانگەوازەدا نووسراون بە تەواوی وەدی بێت.**

### 30سال زیندانی کردن

ئەم بڕیارەی دادگای هەولێر بە ڕووانینی زۆربەیەکی بەرچاو لە نووسەران و تێکۆشەرانی
ئازادی بیرو ڕا ، لاینگرانی مافی مرۆڤ وکۆمەلگای شارستان، بڕیارێکی قەرەقوشیانە بوو
بەسەر قەلەم و بیری ئازاد ، ئازادی بیرکردنەوە و ڕادەربڕین.
فرمانێکی کۆنەپەرستانە بووبەسەر پرۆسەی هەنگاوهەلێنان بەرەو کۆمەلگای دیموکراسی،
کۆمەلگای شارستان، کەلەوێ مافەکانی مرۆڤ و یەکسانیخوازی، گوتنی (نا) فەراهەم دەبێ.
ئەمڕۆش ئەگەر دادگای هەولێر لەژێر زەبری قەلەم و بیری ئازادیخوازانەی خەلکی ناڕازی
لەلایەک و ژێربەژێر و بەپینەو پەڕۆش بەفرمانێکی حزبی و حکومی بڕیارە قەرەقوشییەکانی
خۆی هەلوەشێنێتەوە، هەرچەند مایەی خۆشحالیە بەلام بۆ جارێکی تر دادگای هەولێر کۆیلەیی
و بەندەواری و کلکایەتی خۆی دووپاتدەکاتەوە بۆدەسەلات، هەروەها دەسەیلمێنێ کە
دادگایەکی ئازاد لەکوردستان نەک هەر بوونی نییە و نەبووە، بەلکو دادگایەکی ئازاد، ئازادی
دادگا قسەیەکی قۆڕ وپووچ و کرچ وکالە، تەنێ حزب و حکومەت بڕیاردەری دەدەسپێک و
دیماهین لەم بوارەدا.

22-01-2006

*بڕوانه

سەروتاری کوردستان نێت،

هەموو بڕیارەکان دەرهەق کەمالی سەید قادر ڕەتکرایەوە ئازا حەسیب قەرەداغی

**جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ، ئەنستیتوی کورد لە پاریس



a_sarkash@hotmail.com